UNDP

وەزارەتی پلاندانان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بونیاتنانی هەرێمی کوردستان - عێراق

## زانیارییە بنەڕەتییەکانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی - ئابوری

### پێویستە گەشە لە هەرێمی کوردستانی عێراق درێژخایەن بێت


ستانداردی خزمەتگوزاریەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق زۆر باشترن لەوانەی عێراق و لە چەندین دۆخدا شایانی بەراوردن لەگەڵ ولاتە دراوسێکانی وەک (تورکیا، ئێران و ئوردون). ئەم دەستکەوتانە، لەگەڵ ئاسایش، پەروەردە، چاودێری تەندروستی و ئاو و کارەبا، ئاشکرا دیارن و جێگەی شانازین بۆ دانیشتوان و سەرکردایەتی هەرێم.

بەلام بەڕێوەبردنی گەشەی ئێستا لەڕووی دارایی و ژینگەییەوە درێژخایەن نین. پێویستە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەشێوەیەکی زیاتر ستراتیژی دیارییکرێن. بۆ ئەوەی بتوانرێت خزمەتگوزاریەکانی داهاتوو درێژخایەن بن، پێویستە چەندین کەرتی ژێرخان چوارچێوەی یاسایی و رێکخستنیان بۆ دیاری بکرێت بۆ باشتر بەڕێوەبردن و دابینکردن و بەکاربردنی گونجاوتر.


کۆی پرۆگرامی وەبەرهێنان دەگاتە (٣٠,٥٥٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی جێگەی بەدیهاتنە لەکاتێکدا کە (٣٠,٥٥٠) ملیۆن دۆلار لەم بڕە لەماوەی ٨ ساڵدا لە بودجەی حکومەتی هەرێمەوە دێت و ئەویتر (٦,٧٠٠) ملیۆن دۆلار لە کەرتی تایبتەوە.

### کۆمەکەکان و بەردوامی

لەسایەی نەبوونی سیاسەتی نرخدانانی گونجاودا، کۆی تێچووی خزمەتگوزاریەکان دەکەوێتە سەر بودجەی گشتی. لەئەنجامدا ٣٥ ملیار بۆ کۆمەکردنی کارەبا، ئاو و کشتوکاڵ (نزیکەی ٧٥٪ی کۆی بودجەی وەبەرهێنانی هەرێم).




کۆمەکە داراییەکان لە بودجەی هەرێمی کوردستان ٢٠١١




کۆی وەبەرهێنانی پێویست بۆ ژێرخان لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٣ - ٢٠٢٠


### ئەولەویەتەکان

پێویستە ئەولەویەتی یەکەم لە بواری سیاسەتەکان وەبەرهێنانەکان بدرێت بە بواری ئاو، ئاوەڕۆ و ژینگە. پێویستە کاری دەستبەجێ بکرێت بۆ دانانی نرخ بۆ کالا/خزمەتگوزارییە گشتیەکان، بۆ ئەوەی بەکاربردنی بێسنووری ئاو و کارەبا کەمبکرێتەوە. هاوکات، پێویستە دەستبکرێت بە بونیاتنانی چوارچێوەیەکی یاسایی و رێکخستن کە زامنی بەردەوامی ئەم کالا و خزمەتگوزاریانە بکەن، هاوشان لەگەڵ دانانی نرخ و ئاستی بەکاربردن.

### ئاو، ئاوەڕۆ و ژینگە

ئاو دابینکراوە بۆ نزیکەی ٨٥٪ی دانیشتوان، بەلام بەکاربردنی ئاو زیادەڕۆی زۆری تێدایە، دەگاتە ٣٧٣ تا ٤٠٠ لیتر بۆ هەر کەسێک لە رۆژێکدا، بە بەراورد لەگەڵ ستانداردی بانکی جیهانی کە دەگاتە ١٢٠ لیتر بۆ هەر کەسێک لە رۆژێکدا.

ئەم زیادەڕۆییە گەورەیەی ئاو لە ئەنجامی نەبوونی هاندەرە بۆ دەستگرتن بە ئاوەوە، بەهۆی نرخی زۆر نزمەوە (کۆکردنەوەی کرێی ئاو کەمترە لە ١ دۆلار بۆ هەر کەسێک لە ساڵێکدا) لەگەڵ نەبوونی هۆشیاری بەکاربەر لەسەر پاراستنی ئاو. پێویستە رێوشوێنی پاراستنی دەستبەجێ بگیرێتەبەر لەگەڵ ئەگەری راگرتنی هەڵکەندنی بیر، زیادکردنی گونجاو کە شایانی بەردەوامی بێت بۆ کرێی ئاو و دانانی کرێ لەسەر ئاودێری. هاوشێوە پاراستنی ئاوی سەرزەوی گرنگە،، کە مەترسی لەسەرە بەهۆی ئاوەڕۆی چارەسەرنەکراو و پاشەڕۆی کارگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی شارەکان و گوندەکان کە ئاوەڕۆکانیان دەبێتە هۆی پیسبوونی رووبارەکان، دەریاچەکان و ئاوی ژەێرزەوی و خاک. بەرگرتن لە پیسبوونی ئەم ئاوە تێچووی کەمترە لە پاککردنەوەی




بەکارهێنانی لیتر ئاو /یەک کەس/رۆژ

گرنگە دەستبەجێ کرێی نوێی ئاو دەربکرێت. لەسەرەتادا، پێشنیاری نرخێکی هاوشێوەی بەرزتر دەکرێت، بەلام دواتر پێویستە پێوەر دابنرێت بۆ بەکاربردنی ئاو و بەپێی قەبارەی ئاوی بەکارهاتوو کرێ وەربگیرێت.

پێویستە پرۆگرامی هۆشیاری گشتی دابنرێت و بۆ بەخشینی زانیاری بە خەڵک لەسەر کەمی ئاو لە هەرێمی کوردستان و پێویستی پاراستنی ئاو لەرێگەی کرێی بەرزتر، کە پێویستە خەڵک تێبیگات و پەیڕەوی بکات.

پێویستە هەرێم هەوڵ بدات بۆ دروستکردنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی (ریسایکلین) و فرێدانی پاشەڕۆی رەق بەشێوەیەکی گونجاو، هاوشێوەی ئەزموونی سەرکەوتووی پرۆژەی ئەنجامدراو لە دهۆک.

## کارەبا

دەستگەیشتن بە کارەبا لە هەرێمی کوردستان تارادەیەک هەمەگیرە، ٨٠٪ی بەرهەمهێنان تایبەتە و ٢٠٪ حکومیە.

کۆمەکی حکومی و بەفیرۆچوونی زۆری کارەبا لە کێشە سەرەکییەکانن و دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خێرای خواست لەسەر کارەبا و دواجار دەبنە هۆی پێویستی بەرفراوانبوونی سیستەمەکە و وەبەرهێنانی زیاتر.

بەفیرۆچوونی تەکنیکی (بەهۆی بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری خواست کە بارگرانی دروست دەکات لەسەر تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردن) لەگەڵ بەفیرۆچوونی دارایی (بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن و نەبوونی ئاراستەی دارایی لە وەزارەتی کارەبا) بەسەریەکەوە ئەم بەفیرۆچوونانە دەگاتە ٤٠٪ تا ٤٥٪ی بەرهەمهێنانی کارەبا.

چاکسازی ئەواوی بواری کارەبا لە هەرێم پێویستە، لەگەڵ وەزارەتێکی نوێ (کە بەرپرس بێت لە هەموو کەرتی وزە) کە بایەخ بدات بە داڕشتنی سیاسەت و ڕێکارەکان بۆ خزمەتگوزاریە تازەکان.

## کشتوکاڵ و ئاودێری

بەربەستەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئاوەڕۆ بریتین لە ڕێسای ناکارا و کۆن و خراپی ژێرخانی وەک تۆڕ و سیستەماکانی ئاوەڕۆ.

هاوکات ئەم کەرتە کێشەی نەبوونی پلانی ستراتیژی درێژخایەنی هەیە لەسەر بنەمای توێژینەوە و بەڵگە و دەستنیشانکردنی بەرهەمە کێبەرکێکار و بەهادارەکان. بەرەوپێشبردن و مۆدێرنکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ و تۆڕەکانی ئاودێری زۆر گرنگە بۆ بەرهەمداری کشتوکاڵ. نوژەنکردنەوەی پرۆژە بچووک و گەورەکانی ئاودێری خێراتر و هەرزانترە لە دروستکردنی پرۆژەی تازە.


وەبەرهێنانی گەورە پێویستە بۆ ناساندنی شێوازی تازەی کشتوکاڵ و ئاودێری و دابینکردنی ژێرخانی ئامادەپێدراو.

## خزمەتگوزاری تەندروستی

هەرێم لە ئاستی ستانداردەکانی تەندروستیدایە یان بەرزترە لە عێراق و هەندێک لە ولاتانی دراوسێ. ٦٥ نەخۆشخانەی گشتی و ٥٢ نەخۆشخانەی تایبەت هەیە (کە نزیکەی ٧٦٨٩ قەرەوێڵە و ٢٣٥ هۆڵی نەشتەرگەریان هەیە) لەگەڵ ٩٣٣ سەنتەری تەندروستی بنەڕەتی.

بەلام کەموکوریەکان بریتین لە:

- ★ ٢٥٪ی بنکە تەندروستیەکان پێویستان بە نوژەنکردنەوە هەیە و نەخۆشخانە و سەنتەری چاودێری بنەڕەتی زیاتر
- ★ ژمارەی کارمەندی پسپۆری تەندروستی گونجاو نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکان لەماوەی ٥-٨ ساڵی داهاتوودا.
- ★ کەمی کەرەستە و دەرمان.
- ★ نەبوونی سیستەمی زانیاری تەندروستی.




داتای بانکی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی تەندروستی،٢٠١٠

## خەرجی تەندروستی بەپێی تاکەکەس

وەبەرهێنان پێویستە بۆ نوژەنکردنەوەی بنکە تەندروستیەکانی ئێستا، هەروەها پێویستە گۆڕانکاری بکرێت لە سیاسەتدا بۆ بەرەوپێشبردنی سوودوەرگرتن لە تواناکان و گونجاندنیان لەڕێگەی کاتژمێری زیاتری کارکردن و زیادکردنی هاندەرەکان.

## پیشەسازی

ژێرخانی دواکەوتوو (بەتایبەتی نەبوونی خزمەتگوزاری ئاو و گواستنەوە) و نەبوونی دەستگەیشتن بە دارایی لە بەربەستە سەرەکییەکان لەبەردەم پەرەپێدانی پیشەسازی درێژخایەن.

پیشەسازیە پشتبەستووەکان بە سەرچاوە زۆرترین ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە (چیمەنتۆ، نەوت، کانزاکان). پێشنیار دەکەین لێکۆڵینەوەی شایستەی بکرێت لە رووی ئابوری و بەردەوامیەوە بۆ پیشازیەکانی دەرهێنان. حکومەت زەوی تەرخان کردوە بۆ دروستکردنی چوار زۆنی پیشەسازی (کۆی رووبەر: ٥٠٥٠ دۆنم یان ١٢٣٦ هێکتار) لە نزیک شارە سەرەکیەکانی سێ پارێزگاکە. بڕیارە ژێرخان دابین بکرێت لەم زۆنانە بۆ ئەوەی ببن بە بنەما بۆ پەرەپێدانی ژمارەیەک پرۆژەی پیشەسازی.

## پلاندانانی شارستانی


حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو بەشاربوون دەچێت، لەبەرئەوە هەندێک ڕێگە بۆ پتەوکردن و چڕکردنەوەی سەنتەری ناوچە گوندیەکان گرنگە (بەبێ زیان گەیاندن بە دانیشتوانی ئەم ناوچانە) بەلام هەماهەنگی لەنێوان چەندین دامەزراوە کە کاردەکەن لەسەر ئاستی شارەکان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی چەندین کێشەی ئاڵۆز لە سایەی نەبوونی بەڕێوەبەرایەتیەکی راستەقینەی شاردا. لەم رووەوە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردسان هەوڵ بدات شارەوانی راستەقینەی پارێزگاکان دروست بکات بۆ هەر سێ پارێزگاکە.

## پەروەردە

ڕێژەی تۆمارکردنی بۆ بنەڕەتی گەیشتۆتە ٩٥,٥٪ و بۆ دواناوەندی ٨٨,٩٪ لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١.

- ★ زۆربەی قوتابخانە گشتیەکان زیاتر لە دەوامێکی تێدایە، بینای هاوبەشیان هەیە یان بینای کۆن و داروخاو و قوڕینیان هەیە.
- ★ ٧٥٪ی مامۆستایانی بنەڕەتی کارامەیییە گونجاوەکانیان نییە، پێشینەی ئەکادەمی لاوازیان هەیە و هاندەریان نییە.

بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێویست دابینبکرێت بۆ دانیشتوانی گەشەسەندوو و زیادبوونی ڕێژەی تۆمارکردن (بەتایبەتی لە دواناوەندی) پێشبینی دەکرێت کە ٣٢٥٣ قوتابخانەی (١٢ پۆلی) پێویستە دروست بکرێن و ١٣٢٣ قوتابخانە پێویستیان بە




ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی

## گواستنەوە

لەئێستادا گواستنەوەی ناوخۆی تەنها بە ئۆتۆمبیلە. و ڕێژەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبی لە زیادبوونێکی خێرادایە.

وەبەرهێنانی گەورە پێویستە لە ڕێگاوبانەکاندا. لەگەڵ پرۆگرام بۆ سیانە کردنیان، هەروەها وەبەرهێنان پێویستە لە گواستنەوەی گشتیدا. پێویستە شارە سەرەکییەکان ڕەچاوی دانانی خزمەتگوزاری ئاستی بەرزی پاس بکەن بەلام هاوکات هەوڵی دروستکردنی هێڵی ترام بدەن، کە دیزاینەکەیان ئامادەکراوە، سەرەتا یەک هێڵی ئەزموونی و چاودێریکردنی پێش ئەوەی هەموو تۆڕەکان دروست بکرێن

## نیشتەجێکردن

لەساڵی ٢٠١٢ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خەملێنراوە بە (١,١٣١,٧٠٠) خێزان. ڕێژەی سالانەی شوێنی نیشتەجێبوونی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشەی دانیشتوان دەگاتە (٣٠,٣٩٠) یەکە لەسەر هەموو ئاستەکانی داهاتدا. ستراتیژی نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان ٢٠١٢ دەڵێت کە نزیکەی ٢٥٪ی خێزانەکانی ئێستا پێویستان بە یەکەی باشتر یان تازە هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەرەباغی یان نەگەنجاوی یەکەکان.

بەلام نزیکەی ١٠٪ی خێزانەکان داهاتیان سنووردارە و ناتوانن پێداویستی نیشتتەجێبوونی خۆیان پڕبکەنەوە بەبێ جۆرێک لە هاوکاری حکومەت. ڕێژەی خواستی سالانە بۆ هاوکاری حکومەت بۆ یەکەی نیشتەجێبوونی تازە و نوژەنکردنەوەی یەکە نەگونجاو و خراپەکان دەگاتە ٥,٨٦٩ یەکە لە ساڵێکدا کە پێویستیان بە هاوکاری حکومەت هەیە.

## گەشتوگوزار

ئەم کەرتە پێویستی بە وەبەرهێنان هەیە لە ژێرخاندا بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتن و وەبەرهێنان بۆ گۆڕینی شوێنە گەشتیاریەکان بە شوێنی سەرنجراکێشتر بۆ گەشتیاران. بۆ سوود وەرگرتن لە تواناکانی ئەم کەرتە، پێویستە چاکسازی لە دەستەی گەشتوگوزاردا بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ستراتیژێکی گونجاو و پلانی گونجاو دابرێژێت بۆ ڕێنمایکردنی وەبەرهێنانی تایبەت. کارمەندی شایستە لە ئاستی گونجاودا نییە و زۆربەی کارمەندە بیانییەکان لەم کەرتەدا کاردەکەن. ئەمەش واتا دەرفەتی زیاتر هەیە بۆ فێربوونی بازرگانی پەیوەست بە گەشتوگوزارەوە و دابینکردنی ئەم کۆرستان لەڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالاد.ا.

## ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی

سیستەمی قوتابخانەی دواناوەندی پیشەیی و تەکنیکی لە هەرێمی کوردستان لە پشێویدایە. تۆمارکردن لە دابەزیندایە، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان (بەبێ زیادکردنی بودجە). ژمارەی قوتابی تۆمارکراو لە دواناوەندییە پیشەییەکان لە٧,٧٤٤ قوتابی لە ٢٠٠٣-٢٠٠٤ دابەزی بۆ ٦,٣٠٧ قوتابی لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە پیشەییەکان و مامۆستایان لەهەمان ماوەدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە شێوازی ڕاهێنانی پیشەیی و تەنکیکی وبەکارخستن دابرێژێتەوە، لەڕێگەی بەستنەوەی کارخواز بە خاوەنکارەوە، لەڕێگەی دابینکردنی کارامەیی گونجاو کە پێویستن بۆ بازار. لەوانە باش بێت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیرەوی ئەو سیستەمی ڕاهێنانی پیشەیی و تەنکنیکیە سەرکەوتووە بکات کە بانکی جیهانی لە ئوردون .